دوای دەرکردنی لەزانکۆی سەلاحەدین، فەرهاد پیربال بۆ "چاودێر" :

بێزم نایەت بڵێم سەرۆکایەتی زانکۆ غەدری لەمن کردووەو فەسڵێکردووم

بۆ رۆشنایە خستنە سەر ریفۆرم لەزانکۆکانی کوردستان،و هەروا کێشەی فەسڵکردنی لەزانکۆی سلێمانی، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ نووسەرو ئەدیب و مامۆستای فەسڵکراوی زانکۆی سەلاحەدین د.فەرهاد پیربال سازکرد..

×سەرەتا لەکێشەکەتانەوە دەست پێدەکەین.. ئەویش فەسڵکردنتانە لەزانکۆی سەلاحەدینو دواتر کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەتان کە تیایدا بانگەشەتان کرد میز بکرێت بەزانکۆدا.. ئەمە بۆ؟

-من ئەو داوایەم کرد وتم ئەگەر، یەکەم ئەگەرێکی تێدایە، دووەم دەڵێم لەداهاتوودا، ئێنجا سێیەمیان وتومە بەم قسە قۆرانەی ئێستامن دەیانکەم دڵتان ئاو نەخواتەوە تەنیا بێن قسەبکەن، فیعلتان هەبێ. کە وتومە ئەگەر، ئەمە حاڵەتێکی دیاریکراوە کە دەڵێی ئەگەر، واتا ئەگەرگوێتان لێ رانەگیرا، ئەگەر جامی تورەیتان رژا، ئەگەر داخوازییە رەواکانتان جێبەجێنەکرا.. هتد. کە دەڵێم لەداهاتوودا، واتە نەکەن بۆ ئەم کێشەیەی من ئەمەبکەن.. من داوام لەقوتابی نەکردووە بێت خۆپیشاندان سازبکا، لەپێناو کێشەکەی خۆم بەڵکو دەڵێم ئەگەر.. هەروا لەداهاتوودا. زۆر باوەڕم بەوە هەیە،و تەمەنایش دەکەم.. بۆ؟ لەبەر زۆر شت کە گرنگترینیان ئەوەیە: بە تێگەیشتنی من زۆر حەزدەکەم کەسێک هەبێ بە هەڵەم بخاتەوە.. بەتێگەیشتنی من ئەو نەوەیەی کە ئەمڕۆ زانکۆی بە دەستەوەیە، بە مامۆستاکانیشەوە، یان پێویستە بڵێم بە زۆربەی مامۆستاکانیشەوە، ئینتیمایان بۆ عەقڵیەتێکی کۆنو سیستەمێکی تەقلیدیو مەعریفەیەکی پیرو نابوت هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ئەحمەد حەسەن بەکرو صدام حسێنو داود ئەلقەیسی.. کێو کێ. واتا بەکورتییەکەی وتومە ئەوکەسانەی زانکۆ بەڕێوەدەبەن، ئەو نەسلە کۆنەیە ناتوانێت لەو نەسلە نوێیە ئازادیخوازە تێبگات کە لەدوای ساڵی ١٩٩١وە سەریهەڵداوەو ژیاوە، کە بچوکترینمان تەمەنی (١٥) ساڵە.. ئەگەر هەندێکیشمان تێیانبگەن هی پیری کەری وەکو من بەچاوی بەشێکیانەوە، چونکە جیلێکی نوێن، حەقی خۆیانە بە پیرو کەر تێبگەن، من بۆ عیلم هەمیشە وتومە بەچاوی ئەوان پیرو کەرو بێتاقەتم. من لەخۆمەوە دەستپێدەکەم، ئەم جیلە کۆنە ناتوانێ تێبگات، گەر تێیش بگات لەبەرژەوەندی خۆیدا نییە ریفۆرمێک سازبکات،و هەروا لەبەرژەوەندی خۆیشیدا نییە بەتەنگ داخوازییەکانی جیلی نوێوە بچێت.

× تۆ کە بەوشێوەیە رەشبینیتو تەماشای زانکۆکانی ئێمە دەکەیت، کەواتە پرسیار ئەوەیە: ئایا لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوە هەیە میز بکەین بەزانکۆدا.. مەبەستم بانگەشەکردن بۆ یاخیبون لەزانکۆ وەک ئەوەی تۆ؟

-من رەشبین نیم، بەڵکو زۆر گەشبینم بۆیە وا دەمبینی هەرگیز نەچوومەتە کونجی ژوورەوە..

× بەڵام ئایا دەتوانی چیبکەیت؟

-من تەنیا وشەم هەیە.. ئەگەر مەسەلەن بەقەدەر جەلیل خەیات هەزار رەحمەت لەگۆڕی ملیۆنێرێکی هەولێرییە، ئەگەر بەقەد ئەو، یان بەقەد نیوەی ئەو، یان بەقەد روبعی ئەو پوڵم هەبایە، ئەو قسە قۆرانەم نەدەکرد.. دەهاتم خۆم زانکۆیەکم دروست دەکرد، یان مەسەلەن بەقەدەر کاک فاروقی مەلا مستەفا پوڵم هەبایە مەجبور نەدەبووم ئەم قسە قۆرانە بکەم، دەهاتم زانکۆیەکم دروستدەکرد ئەو وەختە دڵنیابووم بەشێکی زۆری ئەوگەنجەکە تینوی مەعریفەتی تازەیە لەوێ دەهاتنە لای من.. بەڵام من هیچ پارەم نییە، وەزیر نیم، ناشمەوێ، بەڕێوبەر نیم، هیچ نیم نووسەرێکم تەنیا وشەم هەیە، بۆیە دەبێ بە وشە قسە لەسەر ئەو ژیانە نوێیە پرگیروگرفتە بکەم، حەقیقەت تێبگەیەنم کە بەچاوی من چۆنە.. چونکە ئێرە وڵاتێکە دیموکراسییەتی تێدایە (لەناو کەوانەیەکی بچوکدا).

× واتا ئەگەر ئەو ئەگەرانەت لەبەردەستدا بێت.. ئەو ریفۆرمەی کە بانگەشەی بۆ دەکەیت بۆ زانکۆکانی ئێمە، دەتوانێ بیکەیت.. بەڵام پێتوایە خاوەنی ئەو ئەگەرانەی؟

- پرسیارێکی زۆر جوانە.. بەڵێ بۆ؟ لەبەرئەوەی لەم حەوت هەشت ساڵەی دوایدا بۆم دەرکەوتووە گردبوونەوەیەکی گەورە دەبینم لەئاستی بێداریو رۆحی جوانی قوتابیو گەنج.. بۆ زانیاریت ئەم هاوینەی رابردوو بەدرێژایی ئەو سێ مانگە گەرمەی رابردوو نەچوومەتە هیچ پایتەختێکی ئەوروپا.. لەهیچ ئوتێلێک نەبووم وەکو عەمیدەکان و سەرۆک زانکۆکان و وەزیرەکان و.. بەدێژایی ئەو هاوینەی رابردوو چوومەتە دەربەندیخان، چوارقورنە، رانیە، کەلار، هەڵەبجەو زۆر شوێنی تریش، شەو لەوێ ماومەتەوە، دەدانێکم شکا لەکەلار لەسەر ئەم بەزمە.. لەرێی هەڵەبجە خەریک بوو سەیارەم وەرگەڕێ بەخۆمو ماڵو منداڵەوە لەسەر ئەو بەزمە.. دەمەوێ ئەوەت پێبڵێم بەدرێژایی ئەو ماوەیەی رابردوو بۆم دەرکەوتووە هێزێک هەیە ناوی هێزی تەلەبەیە، هێزی گەنجە، جیاوازو تازەو نوێ بیردەکاتەوە،و زۆر ئیهمالیش کراون، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی شارەکان، مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی شارە گەورەکان، دهۆک و سلێمانیو هەولێرو شارە گەورەکان.. ئەمانە هێزێکی زۆر گەورەن، حکومەت زۆر نائاقڵانەیە لەوەی کە نازانێ خاوەن چ هێزێکی گەورەن، یان ئاگادار نییە کە چەند هێزێکی گەورە خۆی مەڵاسداوە کە لەداهاتوودا دەشێ زەفەرێکی گەورەی پێببا و دەستێکی زۆر گەورەی لێ بووەشێنێ، ئەمە لە دڵسۆزی خۆمەوەیە حکومەتی لێئاگادار دەکەمەوە.. رۆژێک دادێ ئەو جیلە گەنجە تورە بێدارە عەزیمە دەستێکی پیسی لێدەوەشێنێ، بەتایبەتی لەرۆژێکدا کە مەسەلەی ئەمنی قەومی کە لەلای منیش گرنگەو رێزی لێدەگرم، بەتایبەتی لەحاڵەتێکدا کە کوردستان لەرێی ئەوە دەربازی دەبێت ئەو هێزە بگەڕێنێتەوە بۆ خامۆشبوون لەبەرخاتری ئەمنی قەومی. لەو رۆژەوە کە ئەوە نەما، من دڵنیام ساڵێک نابا، چەند مانگێک نابا تەلەبە ئەوە دەکەن کە لە بڕیارنامەکەمدا وتومە، بۆیە کەواتە دەڵێم مادام هێزی تەلەبەو گەنج لەبەر خاتری کوردستان،و لەبەر خاتری ئەو حکومەتە شکۆمەندەی کە ئامادەم گیانمی لەپێناودا فیدابکەم، مادام تەلەبەو گەنج ئیحتوای ئەو ئەمنە قەومیەی کوردستان دەکا، زۆر پێویستە حکومەتیش مەردانەو شەرفمەندانە بێت ئاوڕ لەداخوازییەکانیان بداتەوە، ئەو ریفۆرمەی کە گەنجو جیلی نوێ داوای دەکەن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆیان دەستبەربکات و جێبەجێبکات..

× با بچینەوە سەر کێشەکەت.. ئایا شتێک هەیە پێی بڵێین کێشەی تۆو دەسەڵات؟

- من هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ دەسەڵاتدا.. دەسەڵات لەسەر هەردوو چاوم دادەنێم..

× باشە.. ئایا ئەو ریفۆرمەی بانگەشەی بۆ دەکەیت ئەرکی دەسەڵاتی کوردی، یان حکومەت نییە؟

- لەمێژوودا هیچ شتێک رووینەداوە بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراوی ئاوها، بڵێی: فەرموو ئەوە یان ئەرکی تۆیەو ئەوەیان ئەرکی کەنیسەیەو ئەوەیان ئەرکی مەلاکانەو.. من باوەڕم وانییە دەبێ ئەرکەکان دابەشبکەین.. ئەمڕۆ بکەوێتە بەر هێرشی تەلەبەو سوتاندن، وەک ئەوەی چۆن لەئاکرێ بەنزینخانەیان سوتاند، یان لەکەلار بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەیان سوتاند، دڵم نایەت.. بۆیە پێشتر ئەو هۆشداریەم دایە حکومەت..

× کەواتە ئایا ئەوە تۆیت غەدر لە زانکۆ دەکەیت، یان ئەوە زانکۆیە غەدر لەتۆ دەکات؟

- کەس غەدر لەکەس ناکات.. کە منیش ئەمڕۆ بکەوێتە بەر هێرشی تەلەبەو سوتاندن، وەک ئەوەی چۆن لەئاکرێ بەنزینخانەیان سوتاند، یان لەکەلار بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەیان سوتاند، دڵم نایەت.. بۆیە پێشتر ئەو هۆشداریەم دایە حکومەت..

× کەواتە ئایا ئەوە تۆیت غەدر لە زانکۆ دەکەیت، یان ئەوە زانکۆیە غەدر لەتۆ دەکات؟

- کەس غەدر لەکەس ناکات.. کە منیش لەوەی دوایدا بۆم دەرکەوتووە گردبوونەوەیەکی گەورە دەبینم لەئاستی بێداریو رۆحی جوانی قوتابیو گەنج.. بۆ زانیاریت ئەم هاوینەی رابردوو بەدرێژایی ئەو سێ مانگە گەرمەی رابردوو نەچوومەتە هیچ پایتەختێکی ئەوروپا.. لەهیچ ئوتێلێک نەبووم وەکو عەمیدەکان و سەرۆک زانکۆکان و وەزیرەکان و.. بەدێژایی ئەو هاوینەی رابردوو چوومەتە دەربەندیخان، چوارقورنە، رانیە، کەلار، هەڵەبجەو زۆر شوێنی تریش، شەو لەوێ ماومەتەوە، دەدانێکم شکا لەکەلار لەسەر ئەم بەزمە.. لەرێی هەڵەبجە خەریک بوو سەیارەم وەرگەڕێ بەخۆمو ماڵو منداڵەوە لەسەر ئەو بەزمە.. دەمەوێ ئەوەت پێبڵێم بەدرێژایی ئەو ماوەیەی رابردوو بۆم دەرکەوتووە هێزێک هەیە ناوی هێزی تەلەبەیە، هێزی گەنجە، جیاوازو تازەو نوێ بیردەکاتەوە،و زۆر ئیهمالیش کراون، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی شارەکان، مەبەستم ئەوانەی دەرەوەی شارە گەورەکان، دهۆک و سلێمانیو هەولێرو شارە گەورەکان.. ئەمانە هێزێکی زۆر گەورەن، حکومەت زۆر نائاقڵانەیە لەوەی کە نازانێ خاوەن چ هێزێکی گەورەن، یان ئاگادار نییە کە چەند هێزێکی گەورە خۆی مەڵاسداوە کە لەداهاتوودا دەشێ زەفەرێکی گەورەی پێببا و دەستێکی زۆر گەورەی لێ بووەشێنێ، ئەمە لە دڵسۆزی خۆمەوەیە حکومەتی لێئاگادار دەکەمەوە.. رۆژێک دادێ ئەو جیلە گەنجە تورە بێدارە عەزیمە دەستێکی پیسی لێدەوەشێنێ، بەتایبەتی لەرۆژێکدا کە مەسەلەی ئەمنی قەومی کە لەلای منیش گرنگەو رێزی لێدەگرم، بەتایبەتی لەحاڵەتێکدا کە کوردستان لەرێی ئەوە دەربازی دەبێت ئەو هێزە بگەڕێنێتەوە بۆ خامۆشبوون لەبەرخاتری ئەمنی قەومی. لەو رۆژەوە کە ئەوە نەما، من دڵنیام ساڵێک نابا، چەند مانگێک نابا تەلەبە ئەوە دەکەن کە لە بڕیارنامەکەمدا وتومە، بۆیە کەواتە دەڵێم مادام هێزی تەلەبەو گەنج لەبەر خاتری کوردستان،و لەبەر خاتری ئەو حکومەتە شکۆمەندەی کە ئامادەم گیانمی لەپێناودا فیدابکەم، مادام تەلەبەو گەنج ئیحتوای ئەو ئەمنە قەومیەی کوردستان دەکا، زۆر پێویستە حکومەتیش مەردانەو شەرفمەندانە بێت ئاوڕ لەداخوازییەکانیان بداتەوە، ئەو ریفۆرمەی کە گەنجو جیلی نوێ داوای دەکەن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆیان دەستبەربکات و جێبەجێبکات..

× با بچینەوە سەر کێشەکەت.. ئایا شتێک هەیە پێی بڵێین کێشەی تۆو دەسەڵات؟

- من هیچ کێشەیەکم نییە لەگەڵ دەسەڵاتدا.. دەسەڵات لەسەر هەردوو چاوم دادەنێم..

× باشە.. ئایا ئەو ریفۆرمەی بانگەشەی بۆ دەکەیت ئەرکی دەسەڵاتی کوردی، یان حکومەت نییە؟

- لەمێژوودا هیچ شتێک رووینەداوە بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراوی ئاوها، بڵێی: فەرموو ئەوە یان ئەرکی تۆیەو ئەوەیان ئەرکی کەنیسەیەو ئەوەیان ئەرکی مەلاکانەو.. من باوەڕم وانییە دەبێ ئەرکەکان دابەشبکەین..

دەسەڵات لەسەر هەردوو چاوم دادەنێم

بەلامەوە گرنگ نییە بمگەڕێننەوە یان نا، بەڵام پێمخۆشە بگەڕێمەوە..

× بەڵام ئایا تا چەندە پێت وایە ئەگەری ئەوە هەیە شۆڕشی خوێندکاری فەرەنسا لەوڵاتی ئێمەیشدا دووباربێتەوە؟

- هیچ دوورنییە، بۆ بەدوری دەزانی؟ ئەوەتا شۆڕشی خوێندکاران بوو لەزەمانی رەزا شا.. دوای ئەوە دەوری خوێندکاران بوو لەساڵی ١٩٨٢ ، ٨٣ کۆمەڵێ خۆپیشاندان لەهەولێر دژی زەمانی بەعس، هەموو تەلەبە بوو، بەختیار عەلی تەلەبەبوو، من تەلەبەبووم ئەو زەمانە بەختیار عەلی پەنجەیەکی لەدەستداو ئێستایش پەنجەیەکی تەواو نییە، و دوای ئەوەش خوێندنی لەدەستچوو، و ئێستایش ئەم رۆشنبیرە گەورەیەی لێدەرچووە. خۆپیشاندنی تەلەبە بوو حکومەتی بەعسی ناچارکرد بکەوێتە مفاوەزات لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانی.. ئێمە زۆر بەهەڵەداچووین، ئەمڕۆ بزافی خوێندکاران بزافێکی جیهانییە..

× بەڵام بزووتنەوەی خوێندنی زانستی ئێمە کە تۆ پێتوایە لەقەیراندایە.. دیسانەوە پرسیار ئەوەیە: ئایا پێویست بەوە دەکات بانگەشەی ئەوە بکرێ میز بکرێ بە زانکۆکاندا؟

- من وەڵامم دایتەوە.. لەبڕیارنامەکەمدا کە کراوەتە سیدیو لەهەولێر لەبازاڕ دەفرۆشرێ، وتومە ئەگەر.. ئەگەرم داناوەو هەروەها لەداهاتوودا..

× پێتوایە لەم قۆناغەدا ئەگەری یەکەمیان دروست بووبێ؟

-حەزدەکەم ئەو پرسیارە لەخەڵکی تریش بکەن کە ئایا کاتی هاتووە یان نەهاتووە.. من بەقورسی دەزانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە؟

× پێت وانییە ئەوە خۆدزینەوەیەکی سیاسیانەیە؟

-نەخێر.. لەوانەیە خۆشەویستیم بێ بۆ ئەو حکومەتەی کە منیش بەقەد تەلەبە، بەقەدەر جیلی نوێ ئەم حکومەتەم خۆش دەوێ.. من حەزناکەم زانکۆی سەلاحەدین فەسڵ کراوم ئەمە غەدرێک نییە، ئەمە بەشێکە لەو فەسادو ناقانونیەی کە ئێستا هەیە.. من ناوی نانێم غەدر، دەشێ وتبێتم غەدر بۆ بزواندنی عاتیفەی خەڵک، یان بۆ ئەوەی لەخەڵک بگەیەنم کە لەسەر چی فەسڵکراوم..

× بەڵام هەر فەسادە کە غەدر بەدوای خۆیدا دەهێنێ؟

-لەشەخسی من.. من ئەوەندە سەربڵندم لەخۆم، و ئەوەندە دەوڵەمەندم و لەرۆح و مادیاتی خۆمو لەدەستو پەنجەی خۆم.. بێزم نایەت بڵێم سەرۆکایەتی زانکۆ غەدری لەمن کردووەو فەسڵیکردووم، تخوا فریامکەون.. نەخێر من وا قسە ناکەم..

× ئێمە قسە لە ناحەقی دەکەین؟

-ناحەقی وجودی هەیە، بەڵام من غەدر بەو مانایە بەکارناهێنم کە غەدرەکە لەشەخسی خۆمە.. نەخێر فەسادێک هەیە، ناقانونیەک هەیە. ئەو غەدرە لەعەرەبانچیەکی سەر جادەیەک کراوە، ئەو غەدرە لەکورێکیش کراوە کە دایکو باوکی ئەنفال کراوە، و لە (٤) مانگدا (١٥٠) هەزار دینار وەردەگرێ..

× باشە.. ئەو غەدرە وات لێناکات بێئومێدبیت بەرانبەر ریفۆرم؟

-نەخێر.. چونکە..

× تۆ لەناو زانکۆدا دەتوانی ریفۆرم بکەیت.. کەفرێدرایتە دەرەوە دەتوانی چی بکەیت؟

- زۆرم پێدەکرێ، هەرکەسێک کۆمەڵێ توانای شاراوەی خۆی هەیە، هێشتا دەرینەخستووە..

× تۆ لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسیەتدا ئاماژەت بەوەکردبوو: لەمەودوا تۆ ئیتر دکتۆر فەرهاد پیربال نیت، بەڵکو تەنها فەرهاد پیربال قەسابیت.. پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوە زانکۆی سەلاحەدینە کە تۆی کردووە بەدکتۆر، یان بۆ خۆت خاوەن بڕوانامەیەکیت کە دکتۆرایەو لەسۆربۆن بەدەستت هێناوە؟



ئەوەیش دکتۆراکەم وەرگرتووە بەرلەوەی بێمە زانکۆی سەلاحەدین.

× کەواتە ئەوە سۆربۆنە تۆ دەکاتە دکتۆر، نەوەک سەلاحەدین.. بۆیە چونە دەرەوەت لەزانکۆی سەلاحەدین دکتۆرەکەت لێناسێنێتەوە.. هەربۆیە پێتوانییە ئەوە بەنیسبەت خۆتەوە لێکتێنگەیشتنێک بێت لەدکتۆراکەت؟

- نەخێر.. من زۆر موتەئەسیفم زۆرجار شتێکم کردووە خەڵک لێم تێنەگەیشتووە، یان بەپێچەوانەوە.. من وەفاتنامەیەکی خۆمم نووسی لەسەر تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر ژیانمدا، بەشێک لەخەڵک بەپێچەوانەوە لێم تێگەیشت.. من بزوتنەوەیەکی سیمبولیم کرد واتە رەمزی، بۆ ئەوەی بڵێم ئەو هەموو دکتۆرو پسپۆرو.. ئەمانە پیشەن، لەزۆربەی وڵاتەکان خەڵک بەدکتۆر دکتۆرای دەبێ، خەڵک بەدکتۆر بانگیناکەن.. من توشم بووە ئەم دکتۆر دکتۆرە، زۆر دڵم بەوە خۆشە ئێستا بەختیار عەلی برادەری قەدیمەمە، یان رێبوار سیوەیلی زۆر دڵم بەوە خۆشە کە پێمدەڵێن فەرهاد، فەرهاد گیان.. ئەمە ناوی خۆمە حەزدەکەم، پێم خۆشە.. بەڵام بۆ لەم کاتەدا ئەوەم کرد، حەزمکرد.. بێزم لەوە کردەوە کە ئێنتیمام هەبێ بۆ ئەو زانکۆیە.

× بەنیازیت بچیتەوە بۆ قەسابخانەکەی باوکت کاربکەیت.. یان ئەوە تەنها عاتیفە بزواندن بووە؟

-باوەڕناکەم بچمەوە قەسابی.. تەواو کە منداڵ بووم قەسابیم کردووە.. ئێستا دەستم ناکەوێتەوە بۆ سەربڕینی حەیوان و مەڕو..

× ئەی بانگەشەیەکی لەوجۆرە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

-وتومە.. بۆ ئەوەی فەخر بە پیشەیەکی غەیری زانکۆ بکەم لەحاڵەتی فەسڵبوون، بۆ ئەوە وتومە کە پێیان بڵێم: ئێوە نەتانتوانیوە هیچ شتێک لەمن بکەن.. نەک قەسابی، باسی شوتی فرۆشتنیشم کردووە.. باسی هەزار ئیشی دیکەیش هەیە بیکەم، بەڵام بۆ قەسابی باوەڕناکەم چونکە تاقەتی قەسابیم نەماوە..

× ئایا لەدەرەوەی زانکۆ دەتوانرێ ریفۆرم بکرێ، یان هەردەبێ لەناو زانکۆدابین؟

- من سەد دەرسەد باوەڕم بەو ریفۆرمە هەیە لەدەرەوەی زانکۆیش، جگە لەوەیش دەبینین کە شتەکان هەموویان پێکەوە پەیوەندیدارن.. مەسەلەن ئەو ریفۆرمەی کە دەبێ بکرێ لەژیانی گەنجان بەشێوەیەکی گشتی.. ئەو ریفۆرمەی کە دەبێ بکرێ لەبواری پەروەردە چونکە پێویستە بکرێ، چونکە زانکۆ درێژەپێدەری پەروەردەیە.. من پێمواییە ئەگەر ریفۆرم لەپەروەردە بکرێ، ئۆتۆماتیکی ریفۆرمێکیش دەبێ لەخودی زانکۆ.. ریفۆرمێک لەژیانی کۆمەڵایەتیمان بکەین، ریفۆرمێک لەو قانونانە بکەین کە پەیوەندیدارن بە تاکە کەسەوە، بەدینەوە، بە ئینتیمای تاکە کەسیەوە، بەدادگاکانەوە، بە زەواجەوە بەژیانی ژنو مێردایەتیو منداڵو ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی.. مەسەلەن ریفۆرم بکەین لەژیانی ئابوریمان.. ئەوە ریفۆرمە بۆ نمونە داوادەکەی کاتێ حکومەت هۆشی دێتەوە بەر خۆی، لەجیاتی ئەو هەموو پەنیری کیریو هەنگوینی سعودیو ئێرانیو بەرهەمهێنراوە تورکیاییو.. بهێنێتە کوردستان، بەتەنیا لەبەر خاتری ئەوەی دینارێک لە قوربەسەرێک وەردەگرێ کە قاچاخچییە لەو بنی دنیاوە شتمان بۆ دەهێنێ.. ئەگەر بێتو لەجیاتی ئەم سیاسەتە ئابورییە، ئەو هەنگوینە جوانو عەزیمەی وڵاتی خۆمان بخاتە ناو قوتیەوەو لە موعەلەبی بکات، یان لەشوشەیەک دایبنێ لەبازاڕ، یان لەجیاتی ئەو پەنیرە کیرییە حیزەی ئێران کە مردین ئەوەنە بیخۆین و قازانج تەنیاو تەنیا بگەڕێتەوە بۆ عەرەبەکانی ئێران و تورکیەو سعودیە، پەنیری کوردی خۆمان.. لەگۆرانییەکوردییەکانائەڵێ: سنگت پەنیری کوردی.. ئەو پەنیرە کوردییەی خۆمان، ئەو هەنگوینە، ئەو هەنجیرە.. ئەم سیاسەتە ئابوریە چەوتو چەوێڵە دژ بە نەتەوەی کوردە کە ئەمڕۆ حکومەت لەکوردستان پەیڕەوی دەکا، ئەمە غەفڵەتێکە، ئەمە دژ بەنەتەوەییە. ئەگەر بێتو ئێمە عەکسی ئەوە بکەین، ئەمە ریفۆرمێکە.. پەیوەندی هەیە بە بوژاندنەوەی تاکە کەسی کورد، لەلایەکی تر پەیوەندی هەیە بەوەی لەداهاتوودا شەخسییەتی کورد بەهێزدەبێ.. هیچ تاکە کەسێک لەدنیادا نییە، متمانەی بەهێزی بەخۆی ببێ، بەبێ ئەوەی کە دەوڵەتەکەی متمانەو هێزی بەخۆی ببێ..

× دەربارەی خۆت.. کە پێت دەڵێن پیاوێکی سوریالییە.. پرسیارم ئەوەیە ئایا پیاوێکی سوریالی لەناو زانکۆی کوردستاندا جێگای دەبێتەوە، تا بتوانێ ریفۆرم بکات؟

-تازە من وتم لەجیاتی ئەوەی ئێمە بەرهەمهێنراوی بێگانە بخەینە بازاڕی کوردستان، پێویست وایە بەرهەمهێنراوی خۆماڵیو نەتەوەییمان پەرە پێبدەین. من پرسیار لەجەنابت دەکەم: ئەم قسەیە سوریالییە؟!! من لەبەرئەوەی تەنیاو تەنیا پەنجە لەسەر سوریالیبوونی کۆمەڵگاکەی خۆم دادەنێم، بۆیە تۆمەتبارم دەکەن بەسوریالی.. من دەڵێم سوریالییەک هەیە لە واقیعی خۆمان. من کە باسی ئەو سوریالیە نامەعقولە دەکەم لەکوردستان، خەڵک دێن من تۆمەتباردەکەن بە سوریالی، بەڵگەشم دیارە، باشە ئەمە سوریالیەت نییە جوانترین پەنیری دنیا لەوڵاتی خۆمان هەیە، کەچی بێیت پەنیری کیریو پەنیری سعودی..و ئەوانە بێنیتە وڵاتەکەتەوە، ئەو پارە نازدارەی کوردیش بۆ عەگاڵ بەسەرەکانو ئاخوندەکانی ئێران بێ. ئەمە سوریالیەتە، من کە قسە بەوشێوەیە دەکەم لەبارەی نامەعقولیەتو سوریالیبوونی واقیعی خۆمان، دێن پێم دەڵێن فەرهاد سوریالیە.. نەخێر من سوریالی نیم. بەڵام سوریالییەکانم خۆش دەوێ، وەڵا دەمرم وەختێ سەیری تابلۆیەکی سمبولیستەکان دەکەم، ناتوانم خۆمی لەبەر راگرم، لەو لەحزەیەدا کە سەیری دەکەم، حەزم لەکاری واقیعییەکانیشە.. مەسەلەکە ئەوە نییە، بەڵکو ئەوەیە خەڵکانێ هەن حەز بەو شتانە ناکەن و باوەڕیش بەو شتانە ناکەن کە من دەیانڵێم.

حکومەت زۆر نائاقڵانەیە کە نازانێ گەنج حاوەن چ هێزێکی گەورەی ئەوتۆیە

× کێشەی فەسڵکردنەکەت گەیشتە کوێ؟ ئایا بەیەکجاری فەسڵکرایت، یان ئەگەری ئەوە هەیە بگەڕێتیتەوە؟

-جەنابی سەرۆکی حکومەت لەهەولێر کە پیاوێکی گەنجە، تەدەخولی کردووەو بەڵێنیانداوە لەسەرۆکایەتی حکومەتەوە کێشەکە چارەسەربکرێ..

×کەواتە ئومێدت هەیە بەگەڕانەوە؟!

-ئەمە شتێک بوو لەخۆم رووید.. دەمویست خۆم مواجەهەی کێشەکە بکەم.. بەلامەوە گرنگ نییە بمگەڕێننەوە یان نا، بەڵام شانازی بەوەوە دەکەم پیاوێک کە سەرۆکی حکومەتە ویژدانی جوڵاو هەستی بەوە کرد ئەو زانکۆیە پێویستی بە ریفۆرم هەیە، ئەمەیش دانی پێدا دەنێم لەرێی کێشەکەی منەوە زۆرترئەوکێشەیە تەقییەوە.. بەکورتی پێمخۆشە بگەڕێمەوە..

× تۆ بۆ بژێوی ژیان دەگەڕێتیتەوە، یان بۆ ریفۆرم؟!

-هیچ یەکێکیان، بەوشێوەیەی کە دەمەوێ لەرێی گەڕانەوەوە ناکرێ.. نە ریفۆرم لەرێی گەڕانەوەی منەوە دەکرێ، نە مەعیشەتیشم لەرێگەی ریفۆرمەوە مانایەکی گرنگی هەیە لەژیانم.

× زۆر سوپاس..

-سڵاو و سوپاسم بۆ ئەو هێزە مەزنەی کە چۆن توانی من قوتاربکات، ئاوایش بتوانێ خۆی رزگاربکاو منیش پشتیوانیان بم.■

باوەڕناکەم بچمەوە قەسابی.. تەواو کە منداڵ بووم قەسابیم کردووە.. ئێستا دەستم ناکەوێتەوە بۆ سەربڕینی حەیوان و مەڕو.. تاقەتی قەسابیم نەماوە